# داخوازی رووناکبیرانی ناو وڵات له بەرێزان مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزاده و کاک مستەفا هیجری

ئێمه کۆمەڵێک له رووناکبیرانی ناو وڵات له رۆژهەڵاتی کوردستانین که لەبەر باری ئەمنییەتی ناتوانین ناومان راستەوخۆ بنووسین.وەک بیستوومانه مەترسی ئینشیعاب له نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا زۆر بوه.لەم قۆناغه حەساسەدا که رۆژهەڵاتی کوردستان به تایبەت و ئێران به گشتی تێیدایه ،دوو لق بوونی حیزب جگه له بەرژەوەندی نیزامی دیکتاتۆری ئێران هیچی تری لێ نابێتەوه .ئێمه دڵنیاین دەسەڵاتی ئێران گڕی ئەم ئاگره خۆش دەکات . دەمێکه رازانی پارێزەری کوردستان له کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باسی بێ خەتەر بوونی حیزبه ئۆپۆزیسیۆنەکان و کێشه ناوخۆییەکانیان دەکات . دوو لق بوونی حیزب ئەگەر راست بێ (که هیوادارین درۆ بێ)، به رای ئێمه واته خاپوور و نابوود بوونی حیزبی پێشەوا قازی محەمەدی نەمر و به فیڕۆ چوونی خوێنی هەموو شەهیدانی حیزب، هەر له پێشمەرگه قارەمانەکانیەوه تا شەهید دوکتۆر قاسملوی نەمر و شەهید دوکتۆر سەعید و ...

کەواته مامۆستا عەبدوڵڵای بەرێز و کاک مستەفای بەرێز تکاتان لێ دەکەین و سوێندتان دەدەین به خاکی کوردستان و به گۆڕی شەهیدان ،مەهێڵن حیزب ئینشیعابی تێکەوێ . تکایه تکایه تکایه حیزبی پێشەوامان بپارێزن . تکایه تکایه تکایه دڵی کۆماری ئیسلامی خۆش مەکەن .تکایه تکایه یەکگرتوو بن .ئیمڕۆکه یەکگرتوویی له هەموو کاتێک پێویستتره .

کۆمەڵێک نووسەر و رووناکبیری ناوخۆی وڵات له رۆژهەڵاتی کوردستان

1384/3/15